٤٠ فائدة في العشر الأواخر
وليلة القَدْر

Ba_Kurty

# ٤٠ خاڵی گرنگ سەبارەت بە
# شەوانی قەدر



تۆڕی زانستی بەهەشت

www.ba8.org

بسم الله الرحمن الرحيم

وەرگێڕانی بەدەستکارییەوە ستافی

ماڵپەڕی بەهەشت ، ماڵپەڕی وەڵامەکان ، کەناڵی بەکورتی

ba8.org - walamakan.com

مافی بڵاوکردنەوەی بۆ هەموو موسڵمانێکە

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اهتدى بهداه ، أما بعد:

**خوشک و برای بەڕێز :** ئەم نامیلکەیەی بریتی یە لە (٤٠) خاڵی گرنگ و بەسوود سەبارەت **دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان و شەوی قەدر** ، داواکارین لەخوای پەروەردگار سوود بەخش بێت ، و پاداشتی خێری هەموو ئەو کەسانە بداتەوە کە دەبنە هاریکار و دەسبار لەئامادە کردن و بڵاوکردنەوەیدا .

**١.** خوای گەورە فەزڵی هەندێ لە دروستکراوەکانی داوە بەسەر هەندێکی تریاندا و هەندێکیانی پایەدارکردووە بەسەر ئەوانی تردا لەوانە : مانگی ڕەمەزان بەسەر تەواوی مانگەکانی تردا و شەوانی کۆتاییش بەسەر شەوەکانی تردا و شەوی قەدریش بەسەر ئەم دە شەوەدا.

**٢.** پێغەمبەری خوا ﷺ لە دە شەوی کۆتاییدا هەوڵێکی زۆری دەدا و جیاواز لە شەوەکانی تر ئەوەش لەبەر فەزڵی بەرکەوتنی شەوی قەدر و بەدەستهێنانی فەزڵ و خێر و پاداشتەکەی ، دایکە عائیشە ڕەزای خوای لێ بێ دەفەرموێ : پێغەمبەر ﷺ ئەگەر دە شەوی

کۆتای بهابتایە پشتی لێ دەبەست (واتە: دوور ئەکەوتەوە لە جووت بوون لە گەڵ خێزانەکانیدا) و شەوەکانی زیندو دەکردەوە خێزانەکانیشی بە خەبەر دەهێنا.

**٣.** دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان بازاڕێکی گەورەیە و پیاوچاکان کێبڕکێی تێدا دەکەن و خواپەرستان پێشبڕکێی یەکتر دەکەن و هەوڵی لەخوانزیك بوونەوە دەدەن، و بۆیە موسڵمان هەوڵ دەدات ئەم مانگە بەکردەوەی چاکی زۆرەوە کۆتایی پێ بهێنێت.

**٤.** فەزڵی دەی کۆتایی و کردەوەکردن تێیدا شەو و ڕۆژەکانیشی دەگرێتەوە.

**٥.** ئیعتیکاف و مانەوە لە مزگەوت بەنیەتی خواپەرستی و نزیکبوونەوە سوننەتێکی گەورەیە و خۆتی لێ بێبەش مەکە.

**٦.** قورئان فەرمایشتی خوا و وەحیە لەلایەن ئەووەوە بۆ دروستکراوەکانی و بەهۆیەوە مرۆڤ پلەی بەرزدەبێتەوە و چاکەکانی زیاد دەبن، بۆیە ئەو هەلە بقۆزەرەوە بەزۆر خوێندنەوەی لەم دە شەو و ڕۆژەی کە ماوە و هەوڵ بدە کاتێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکە بەڵکو بتوانی خەتمێکی بکەیت ، کە پاداشتەکەی بریتی یە لە سێ ملیۆن خێر و چاکەیە .

٧. ئەو فەرموودەیەی باس لەوە دەکات کە هەرکەس کەمتر لە سێ ڕۆژ قورئان خەتم بکات ئەوا لێی تێ ناگات ئەوا لەسەر ئەو کەسانە لێکدراوەتەوە کە بەردەوامن لەسەر ئەو کارە، بەڵام لەکات (وەکو ڕەمەزان) و شوێنە فەزڵدارەکاندا (وەکو مەککە) ئەو کارە ئاسایی و ڕێگەپێدراوە.

٨. دوعا عیبادەتە و چەکی باوەڕدارە وبەڕێزترین شتە لای خوا و کەمتەرخەمی مەکە لێی لەم دە شەوەی کە ماوە، چونکە هەم تۆ پێویستی و داواکاریت زۆرە و هەم خوای میهرەبانیش دەرگای کراوەیە و وەڵام دەداتەوە.

**٩.** چاك وایە موسڵمان لەم دە شەو و ڕۆژەدا زیاتر ئەو خواپەرستیانە ئەنجام بدات کە ئومێد دەکرێت ببنە هۆی لێخۆشبوونی خوایی و ڕزگاربوون لە ئاگر، لەوانە زۆر وتنی لا إله إلا الله.

**١٠.** پاداشت لە ڕەگەزی کردەوەیە، واتە هەر کردەوەیەك ئەنجام بدەیت هاوشێوەی ئەوە پاداشتت دەدرێتەوە، وەکو ئەوەی هەر کەس کۆیلەیەك ڕزگار بکات ئەوا خوای گەورە ڕزگاری دەکات لە ئاگر. بۆیە زۆر وتنی وشەی لا إله إلا الله، پاداشتەکەی وەکو ڕزگارکردنی کۆیلەیە و لەوبارەیەشەوە فەرمووده هاتووە.

**١١.** ئەو کەسەی نزیکە لە حەرەمی مەککەوە و دەتوانێت تەواف بکات با ئەنجامی بدات چونکە ئەوکارە بەرانبەرە بە ئازادکردنی کۆیلە.

**١٢.** موسڵمان دەبێت زۆر لەخوا بپاڕێتەوە بەوەی کە لە ئاگر ڕزگاری بکات و دەرباز بێت، چونکە هەموو ڕۆژێك خوای گەورە کۆمەڵێك لە ئاگر ڕزگار دەکات و هەموو یەکێك لێیان دوعایەکی گیراکراوی بۆ هەیە.

**١٣.** چاك وایە موسڵمان کۆتایی لە ڕەمەزان بهێنێت بە زۆر إستغفار و داوای لێخۆشبوون کردن لە خوا. چونکە ئەو کەموکوڕیانە پڕ دەکاتەوە کە موسڵمان تووشی بووە و لێی وەشاوەتەوە لە ڕۆژوگرتنەکەیدا.

١٤. بەسوودترین إستغفار ئەوەیە کە تەوبەی لەگەڵدابێت، و دەست هەڵبگریت لە تاوان وپەشیمان بیتەوە لێی و سووربیت لەسەر نەگەڕانەوە بۆ سەری و گێڕانەوەی مافی خەڵکیش بۆ خاوەنەکەی.

١٥. گرنگیدان بە چاك کردنی ناخ و ڕووکەش و ڕەچاوکردنی کارەکانی دڵ و ئیسڵاح کردنی لەپێشدا.

١٦. شەوی قەدر شەوێکی پیرۆز وبەرەکەتدارە و باشترین شەوی ساڵە و چاکترە لە هەزار مانگ و ئەوەی ئەو شەوە دابنیشێت بۆ خواپەرستی ئەوا تووشی هەموو خێربووە و خوای گەورە لە تاوانی پێشووی خۆش دەبێت و ئەوەش لێی بێبەش بێت ئەوا لە خێرێکی زۆر بێبەش بووە.

**١٧.** پرسیارکرا لە شێخی ئیسلام (ابن تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێ بێ) لەسەر ئەوەی کە شەوی قەدر باشترە یان شەوی ئیسرا و میعراج؟

ئەویش لەوەڵامدا وتی:

شەوی ئیسرا باشترە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵام شەوی قەدر باشترە بۆ ئوممەت.

**١٨.** بۆیە پێی دەوترێت قەدر لەبەر ڕێز و شکۆ و پلەبەرزی لای خوای میهرەبان و دابەزینی قورئان و فریشتەکان و خێرو بەرەکەت و ڕەحمەت و لێخۆشبوون لەو شەوەدا.

**١٩.** خواپەرستی کردن لەو شەوەدا پاداشتێکی هەرە مەزن و چاوەڕوان نەکراوی هەیە و پێغەمبەری خواش ﷺ مژدەمان دەداتێ و دەفەرموێ : " مَنْ قَامَ لَيْلَةَ القَدْرِ إيمَانَاً وَاحْتِسَاباً غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِهِ "

واتە: هەر کەسێ شەوی قەدر زیندو بکاتەوە و باوەڕی پێ هەبێ و چاوەڕێی پاداشتی خوا بێ، خوا لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێ.

**٢٠.** شەوی قەدر دەکەوێتە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزانەوە و دەگوازێتەوە لە شەوێکەوە بۆ شەوێکی تر (واتە هەر ساڵێک دەکەوێتە شەوێک لەو دە شەوە) و هەتا ڕۆژی قیامەت دەمێنێت.

**٢١.** شەوی قەدر لە شەوە تاکەکانی کۆتایی ڕەمەزانە و تایبەت ناکرێت بە شەوێکی دیاری کراوەوە و دەستنیشان ناکرێت.

**٢٢.** چاك وایە لە حەوت شەوی کۆتایدا بەدوای شەوی قەدردا بگەڕێیت چونکە ئومێد دەکرێ لەوانەدا بێ.

**٢٣.** بە ئومێدترین شەوی ئەو حەوت شەوەی کۆتاییش کە شەوی قەدر بێت بریتی یە لە شەوی بیست و حەوت. چونکە مەزهەبی زۆرێکە لە هاوەڵان و زانایان لەوانە ابن عەباس ﵄ و تەنانەت ئوبەی کوڕی کەعب ﵁ سوێند لەسەری دەخوات. بەڵام ئەمەش بەزۆری وەهایە و هەمیشەیی نییە چونکە وەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا ئەو شەوە دەگوازێتەوە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر.

**٢٤.** دروست نییە ئاهەنگ گێڕان لەشەوی بیست و حەوت دا بەبۆنەی ئەوەی کە شەوی قەدرە و تایبەت بکرێت بەئەنجامدانی عومرە، چونکە نەبڕاوەتەوە کە شەوی بیست و حەوتە بەڵکو زۆرترین ئومێد لەو شەوە دەکرێت.

**٢٥.** شەوی قەدر هەرچەندە فەزڵێکی تایبەتی هەیە بەڵام داوانەکراوە بە ئەنجامدانی عومرە تێیدا بەڵکو زیندوکردنەوی بەشەونوێژ و زیکر و دوعا و قورئان خوێندن داواکراوە.

**٢٦.** لەهەندێ فەرموودەدا هاندان و گەڕان بە دوای شەوی قەدردا لەسەر ئەوە بونیاد نراوە کە ماوە لە دە شەوەکە نەك ئەوەی کە ڕۆیشتووە ، وەکو ئەم فەرموودانە: عَن ابن عبَّاس رضي الله عنه مرفوعًا: التَمِسُوهَا فِي العَشْرِ الأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ لَيْلَةَ القَدْرِ، فِي تَاسِعَةٍ تَبْقَى، فِي سَابِعَةٍ تَبْقَى، فِي خَامِسَةٍ تَبْقَى . واتە: لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا بە دوای شەوی قەدردا بگەڕێن ، لەو نۆ شەوەی دەمێنێت ، لەو حەوت شەوەی دەمێنێت ، لەو پێنج شەوەی دەمێنێت.

وفي حديث أبي سعيد رضي الله عنه مرفوعًا: الْتَمِسُوهَا فِي التَّاسِعَةِ وَالسَّابِعَةِ وَالْخَامِسَةِ . واتە: لە نۆیەم و حەوتەم و پێنجەمدا بە دوای شەوی قەدردا بگەڕێن.

وە هەر ئەبی سەعید خۆی تەفسیری ئەم قسەیە دەكات و دەڵێت: واتە ئەگەر بیست و یەك شەو تێپەڕی و ئەوەی دوای ئەویش كە شەوی بیست و دووە ئەوە نۆیەمە، ئەگەر بیست وسێ شەو تێپەڕی و ئەو شەوەی دوای ئەو شەوی حەوتەمە، ئەگەر بیست وپێنج شەو تێپەڕی ئەو شەوەی دوای ئەو پێنجەمە.

بۆیە وەكو شێخی ئیسلام ابن تەیمیە بەڕەحمەت بێت دەڵێت: شەوە تاكەكان بەپێی ئەوەی كە ڕۆیشتووە ئەوا شەوی بیست و یەك و بیست وسێ وبیست وپێنج وبیست و حەوت و بیست و نۆیە.

وە بە پێی ئەوەی کە ماوە ئەوا بەم شێوەیەیە: ئەگەر مانگ سی ڕۆژ بوو ئەوا شەوە جووتەکان دەبن بە شەوە تاکەکان و بەم پێیەش شەوی بیست و دوو دەبێتە نۆیەمی ماوە و شەوی بیست وچوار دەبێتە حەوتەمی ماوە ، ئەگەریش مانگ بیست و نۆ ڕۆژ بوو ئەوا هەروەکو ئەوەی کە ڕۆیشتووە هەژمار دەکرێت.

جا بۆیە مادام کار بەم شێوەیەیە پێویستە کەسی باوەڕدار لە هەر دە شەوەکەدا بەدوای قەدردا بگەڕێت و لە حەوتەمیش زیاتر چونکە ناتوانرێت ئەوە یەکلابکرێتەوە کە ئەو مانگە سیە یان بیست و نۆ هەتا کۆتایی و بینینی مانگ خۆی.

**٢٧.** خوای گەورە شەوی قەدری شاردۆتەوە لەم ئوممەتە ، بۆ ئەوەی موسڵمانان خۆیان ماندوو بکەن بە خواپەرستیەوە و تووشی خێر و پاداشت ببن لەو دە شەوەدا هەر وەك چۆن کاتی هاتنی قیامەتی شاردۆتەوە بۆ ئەوەی موسڵمان هەمیشە لە ئامادەکاریدا بێت و وریا و هۆشیار بێت و غافڵ و بێ ئاگا نەبێت.

**٢٨.**سوننەتە لە شەوی قەدردا ئەم دوعایە زۆر بکرێت: ( اللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ، تُحِبُّ الْعَفْوَ، فَاعْفُ عَنِّي).

**٢٩.** داواکردنی عەفو لەدوای هەوڵێکی زۆر لە خواپەرستی بەڵگەیە لەسەر زەلیل بوون و خۆشکانەوە لەبەردەم خوای میهرەباندا بۆ ئەوەی بەندە بەچاوی کەمالەوە تەماشای خۆی نەکا و بەخۆی سەرسام نەبێ.

٣٠. پێویستە موسڵمان هەوڵ و ماندووبوونی بخاتە گەڕ لەو دە شەوەدا بە شەونوێژ و زیکرو دوعا و قورئان خوێندن .

٣١. لە نیشانەکانی شەوی قەدر ئەوەیە کە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە خۆر تیشکی نییە وەکو ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەری: فقد ذكرَ أُبَيٌّ ابنُ كعب ﷛ أنَّه يَعْرِفُها «بِالْعَلَامَةِ -أَوْبِالآيَةِ- الَّتِي أَخْبَرَنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ، أَنَّها تَطْلُعُ يَوْمَئِذٍ لَا شُعَاعَ لَهَا .

٣٢. یەکێکی تر لە نیشانەکان بریتی یە لەوەی کە ئەو شەوە مامناوەندە واتە نە گەرمە و نە ساردە و ڕووناك و درەوشاوەیە.

**٣٣.** لەو نیشانانەی کە سابت و صەحیح نییە وەکو ئەوەی کە گوایا دەنگی سەگی تێدا نییە و ناوەڕێت یان کەمە یان بارانی تێدا ناباریێت .

**٣٤.** مەرج نییە بزانیت ئەو شەوە شەوی قەدرە ئەوجا پاداشتەکەت بۆ هەژمار دەکرێت گرنگ ئەوەیە تۆ هەوڵی خۆت بدەیت و درێغی نەکەیت لە خواپەرستی و کات بەفیڕۆ نەدەیت و پاداشتەکەشت لای خوایە.

**٣٥.** هەرکەس زانی و تووشی شەوی قەدر بوو ئەوا شەوەکانی تر نابێت سارد بێتەوە و هەوڵ و ماندوبونی کەم بێتەوە و لەشقورسی بیگرێت بەڵکو سوپاسگوزاری خوا بێت کە سەرکەوتووبوە بۆ ئەو شەوە.

**٣٦.** دروست و شەرعیە ئافرەتانی حەیزدار و زەیسانی ئەو شەوانە زیندوو بکەنەوە بە خواپەرستی جگە لە نوێژ و تەواف و ئیعتیکاف.

ئاشکرایە کە ئافرەت کاتێك لە سوڕی مانگانەدایە ئەوا ناتوانێ نوێژ بکات، بەس دەکرێ شەوەکان بە پەرستشی تر زیندوو بکاتەوە ، لەوانە:

یەکەم : خوێندنەوەی قورئان، بەڵام بە بێ دەست لێدان.

دووەم : زیکرەکان: وەکو (سبحان الله ، الحمد لله ، الله أكبر ، لا إله إلا الله ) و ئەوانی تریش .

سێیەم :داوای لێخۆشبوون کردن لە خوا.

چوارەم :دوعا و پاڕانەوە .

**٣٧.** جیماع کردن و کاری سەرجێیی لەگەڵ خێزاندا لە شەوانی قەدردا حەرام نیە و دروستە ، بەڵام ئەوەندە هەیە کە موسڵمان دەبێ لەم شەوانەدا چاو لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکات و زیاتر کاتەکانی بە خواپەرستی و نوێژ و زیکر و قورئان خوێندن بەسەر بەرێت ، و مزگەوت ئاوەدان بکاتەوە ، و دوور بکەوێتەوە لە خێزان و کاری سەرجێیی ، بۆ ئەوەی لەم شەوانەدا زۆرترین خێر و پاداشتی دەست بکەوێ ، خۆ ئەگەر کەسێک پێویستی پێی بوو یان ئارەزووی زۆر بوو دەتوانێ کاری سەرجێیی بکات و پاشان پەلە بکات لە خۆشۆردن و بەردەوام بێ لەسەر عیبادەت و نوێژ و خواپەرستیەکەی .

**٣٨.** سەبارەت بە فەزڵ و گەورەیی شەوی قەدر

شێخ (محمد بن صالح العثيمين رحمه الله) دەفەرموێت:

یەکەم: خوای گەورە قورئانی تێدا ناردۆتە خوارەوە کە ڕێنموونی مرۆڤەکانە وهۆکاری خۆشبەختیانە لە دونیاودواڕۆژدا.

دووەم: باشترە لە هەزار مانگ.

سێیەم : فریشتەی تێدا دادەبەزێت، وە فریشتەش دانابەزێت تەنها بۆ شتی بەپێز و بەرەکەت وخێر نەبێت.

چوارەم : ئەم شەوە شەوی ئاشتی وسەلامەتیە ، ئەوەش بەهۆی ئەو پەرستش و گوێڕایەڵیەی کە بەندە ئەنجامی دەدات لەم شەوەدا.

شەشەم: خوای گەورە سەبارەت بە فەزڵ وچاکەی ئەم شەوە سورەتێکی بەتەواوەتی ناردۆتە خوارەوە کە سورەتی (القدر)ە کە تا ڕۆژی دوایی دەخوێنرێتەوە.

وە شەوی قەدر لە هەموو ئوممەتەکاندا هەبووە، وە لەم ئوممەتەشدا تا ڕۆژی دوایی، بەڵام فەزڵ وچاکەی تایبەتە بەم ئوممەتەوە -خواش زاناترە-، هەروەکو چۆن ئەم ئوممەتە تایبەتە بە فەزڵی ڕۆژی هەینی، جگە لەوەش چەند فەزڵ وچاکەیەکی تر سوپاس بۆ خوا.

**٣٩.** چەند هەڵەیەك كە لەلایەن هەندێ لە خەڵكەوە لەشەوانی قەدردا ئەنجام دەدرێن لەوانە :

١- ساردبوونەوەو لاوازی نواندن لە عیبادەت كردن لەم دە شەوەدا: لە سەرەتای ڕەمەزانەوە دەبینی خەڵكی بەگەرم وگوڕیەوە ڕوو لە عیبادەت دەكەن، بەڵام هەركە ڕۆژەكان تێدەپەڕێت هەوڵ وكۆششەكانیش لەگەڵیدا كەم دەبێتەوە، هەتا دەگاتە دەشەوی كۆتایی دەبینی تەواو ساردبۆتەوەو گرنگیەكی ئەوتۆی پێنادات، كە ئەمەش بێگومان پێچەوانەی سوننەت و ئاكاری پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانە.

٢- دانیشتن و زیندووکردنەوەی شەوی بیست وحەوت بەتەنها و وازهێنان لەشەوەکانی تر، لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ هەر دەشەوەکەی زیندوو کردۆتەوە.

٣- زیندوو نەکردنەوەی سوننەتی ئیعتیکاف.

٤- بەفیـڕۆدانی کات لەلایەن هەندێك لەوانەی کە ئیعتیکاف دەکەن بە قسەو حیکایەتی دونیایی.

٥- دەرچوونی هەندێك لەوانەی کە ئیعتیکاف دەکەن بۆ ئەنجامدانی نوێژی تەراویح لەمزگەوتێکی تر لەبەر دەنگخۆشی پێشنوێژەکە.

٦- پیسکردنی مزگەوت وپاك ڕانەگرتنی.

٧- غافڵ بوون لە خێر و پاداشتی شەوانی قەدر و گرنگی دان بە کردنەوەی دوکان ، و خۆسەرقاڵ کردن بە کڕینی جلوبەرگی جەژن و بازاڕکردن لە شەوانی قەدر .

٨- پەیوەست نەبوون بەکاتەوە لەلایەن ئەو کەسەی کە ئیعتیکاف دەکات ڕاستتر ئەوەیە بۆ ئەو کەسەی کە نیەتی ئیعتیکافی دەشەوەکەی هەیە، پێش خۆرئاوابوونی ڕۆژی بیستەم بچێتە ژوورەوەو دوای خۆرئاوابوونی دوا ڕۆژی مانگ بێتە دەرەوە.

٤٠. موسڵمان پێش جەژن بەڕۆژێك یان دوو ڕۆژ دەتوانێ سەرفترەی خۆی و ئەوەی لە سەریەتی و لەئەندامانی خێزان دەری بکات خۆ گەر شەوی جەژن یان پێش نوێژی جەژن دەری بکات باشترە.

داواکارین لە خوای گەورە نوێژ و ڕۆژوو و تاعەت و عیبادەتەکانمان لێ قەبوڵ بکات و شەوی قەدرمان بەنسیب بکات و یارمەتیمان بدات بۆ زیاتر بەندایەتی کردنی و لەو کەسانەمان بگێڕێ کە لە مانگی ڕەمەزاندا لێخۆشبونی یەکجارییان بۆ دەردەچێت و دەچنە ڕیزی سەرکەوتووەکانەوە.

وصلَّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

سوود وەرگیراوە لە نامیلکەیەکی

ZAD GROUP

## **برا و خوشکی موسڵمان :**

(ماڵپەڕی بەهەشت ، ماڵپەڕی وەڵامەکان ، کەناڵی بەکورتی)

لە لایەن یەک ستافەوە بەڕێوە دەبرێت ، لە ژێر چاودێری کۆمەڵێک مامۆستای بەڕێز و شارەزای ئەهلی سوننە ، ئەوەی کە بزانین خێر و چاکە و ئێوەی بەڕێز شارەزا دەکات لە حوکمە شەرعییەکان ئێمە ئامادەی دەکەین و بە کورتی و پوختی دەیخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز .

تەنها داواکاری ئێمە لە ئێوەی بەڕێز ئەوەیە : بابەتەکانمان بگەیەنین بە هاوڕێ و کەسانی تر بۆ ئەوەی خەڵکانێکی زیاتر سودمەند بن و ئێوەی بەڕێزیش بەشداربن لە خێرەکەی .

**تێبینی :** هەر بەڕێزێک پێی خۆشە هاوکارمان بێت لە بەرەو پێشچونی کارەکانمان دەتوانێت پەیوەندیمان پێوە بکات لە ڕێگەی ئەم لینکەوە

https://t.me/malpariba8